ناساندن

# کورتەیەک لە بارەی ریچارد براتیگان

و : کەمال ئەمینی

١



لێرە بەمەبەستی ئاشنایی خوێنەر، کورتەیەک لە بارەی ریچارد براتیگان لەگەڵ چەند شیعرێکی ئەم شاعیرە ئامریکاییە بەکوردی دەخەمە بەر چاو. لە وەرگێڕانی ئەو شێعرانەدا هەوڵم داوە سەرەڕای گرنگیدان بە ناوەڕۆکەکان بە جیددی کار لە سەر زمان و فۆرمی شیعرەکان بکەم چونکە وەک دەزانین شیعری ئامریکا لەگەڵ دروستبوونی بەرەی بیت زۆرتر شیعرێکی زمانگرایە تاکو ناوەڕۆکخواز ئەگەرچی ئەمەش بەو مانایە نییە کە ناوەرۆک لێرەدا بوونی نییە.هیوادارم بتوانم بەردەوام چەند شاعیرێکی بەرەی بیت و قوتابخانەکانی تری ئەدەبی ئامریکا وەک قوتابخانەی زمان شیعر و کوێستانی رەش و... لە رێی وەرگێڕانەوە بناسێنم و پاشان لە مەجالی خۆیدا بەوردی باسی شێعرەکانیان بکەم چ وەک ئەو تەجرەبە تازانە کە هەیانە و ئەو پێشنیار و دەستکەوتانە کە بوویانە و کاریگەرییەک کە دایان ناوە و...

کەمال ئەمینی

ریچارد براتیگان (شاعیر و نووسەر) لە سی ژانوییەی ١٩٣٥ی زایینی لە تاکامۆی واشنگتن لە دایک بوو. لە بارەی منالی ریچاردەوە زانیارییەکی ئەوتۆ لە بەر دەستدا نییە جگە لەوەی کە سەردەمی منالی بە ئەستەم و دژواری تێپەڕ کردووە ئەمە تەنیا شتێکە کە براتیگان هەرگیز باسی نەکردووە. هەندێ کەس دەڵێن :ئەو باوکی خۆی _تەنانەت–تا مردن نەبینیوە و باوکیشی پێش لە هەواڵی مەرگی ریچاردی نەناسیوەتەوە.

براتیگان نووسینی لە دواناوەندییەوە و رەنگە وەکو ئامرازێ بۆ بەیان یا خود هەڵهاتن لە خۆی دەست پێ کردووە، باربارا–ی خوشکی لە بارەی منالیی خۆی و ریچاردەوە دەڵێ:" ریچارد بەشەودا خەریکی نووسین بوو و بەرۆژیشدا دەخەوت، دەور و بەرەکانی زۆر ئازاریان دەدا بەردەوام سەربەسەریان دەنا، ئەوان هەرگیز نەیان دەزانی کە نووسینەکانی بۆخۆی چەندە پڕ بایەخن"

لە ساڵی ١٩٥٥ریچارد نووسینەکانی پیشانی کچە خۆشەویستەکەی دا بەڵام کچەکە هەر بەبۆنەی ئەو نووسینانە لۆمەی ریچاردی کرد و هەر بەم هۆیەشەوە خانووی خەونە ئاشقانەکانی براتیگان کە هەرگیز چاوەڕێی وەها هەڵوێستێکی نەدەکرد رووخا .ریچارد بە بەردێک شووشەی پەنجەرەی ئەمنییەیەک و هەربەو بۆنەوە بۆ حەوتەیەک خرایە بەندیخانە و پاشان ناردیان بۆ نەخۆشخانەی حکوومی "ئەرگۆن" و وەکو نەخۆشێکی پارانۆیای ئسکیزۆفرینیک کەوتنە دەرمان کردنی، بەوتەی باربارا لەو نەخۆشخانەیەدا ریچاردیان شۆک دەرمانی دەکرد و دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵ زۆر هێمن و بێدەنگ بوو بوو و ئیتر هیچ کات سەفرەی دڵی بۆ خوشکەکەی ئاوەڵا نەکردەوە و چەند رۆژ دوای ئەوەش ریچارد لە تەلەفوندا بە خوشکەکەی رادەگەیەنێ کە چیتر بۆ هەمیشە نایەتەوە بۆ ماڵ.

لە ساڵی ١٩٥٦دا ریچاردی بیست و یەک ساڵ تەمەن لە سانفرانسیسکۆدا دەژیا و ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ تەشقی بزاوتی ئەدەبی بەرەی "بیت". لەو کاتەدا سانفرانسیسکۆ پڕ بوو لە شاعیران و نووسەرانی لاو وەک: جەک کراوک، ئالن گینزبێرگ، رابرت کریلی،مایکل مەک کلۆر، فیلیپ والن ئسنایدر و...

٢

" دووەم پاشایەتی " یەکەم شیعری بەناوبانگی براتیگان لە ساڵی ١٩٥٦بڵاو کرایەوە و یەکەم کتێبیشی کە بیست و چوار شیعری لە خۆ گرتبوو لە ساڵی ١٩٥٩ لە چاپ درا و لە هەشتی ژووەنی ١٩٥٧ لە نێوان مەودای چاپی یەکەم شیعر و یەکەم کتێب لە "نوادا" دا

لەگەڵ ویرجینیا دیون ئادلر ژیانی هاوسەریەتی پێک هێنا.

براتیگان لە شوێنێکدا وتوویەتی: من زۆرم حەز لە شیعر نووسینە بەڵام وەک پێوەندییەکی عاتیفی پڕ کێشە کە دوا ئەنجامی یەکگرتنە من و شیعریش زۆری خایاند تا یکتر بناسین، من حەوت ساڵ خەریکی نووسینی شیعر بووم تا فێر بم چۆن رستەیەکی دروست بناسم، من خولیای نووسینی چیرۆک و رۆمانم هەبوو بەڵام تا کاتێ نەمتوانیبا رستەیەکی دروست بنووسم نەمدەتوانی رۆمانیش بنووسم. رۆژێ لە کاتێکدا کە بیست و شەش ساڵم بوو لە پڕێکدا زانیم کە دەتوانم رستە بنووسم بەم پێیە یەکەم رۆمانم بە ناوی " وەتۆڕ خستنی قزل ئالا لە ئەمریکا"م نووسی پاش ئەوەش سێ رۆمانی ترم خولقاند.

لە کۆتاییەکانی ١٩٦٠ نووسراوەکانی براتیگان لاینگری زۆریان لە دەوری خۆ کۆ کردەوە و ئەمە هاو کات بوو لەگەڵ چاپی بەناوبانگترین نووسینەکانی وەک: وەتۆڕخستنی قزل ئالا لە ئەمریکا و لە شەکری شووتیدا.

لە ساڵی ١٩٧٢ براتیگان چووە مۆنتانا و دەڵێن بۆ ماوەی حەوت ساڵی تەواو لە قبووڵکردنی هەر جۆرە کۆنفرانس و وتووێژێک دوورە پەرێزی دەکرد.

لە دسامبری ١٩٧٩ ریچارد براتیگان لە ئەنجومەنی زمانی مۆدێرن لە سانفرانسیسکۆ دا بە توێژینەوە و دیالۆگ لە بارەی پێوەندی قوتابخانەی " زن" و شیعری هاوچەرخ بەهاوبەشی گری سنایدر، فیلیپ والن، رابرت بلی و لووسیەن ئستریک ئامادە بوو.

ساڵی ١٩٨٢ براتیگان دواین کتێبی لە ژێر ناوی" کەواتە مەیلۆ هەر با لایەکی نابات" بڵاو کردەوە. بەم پێیە براتیگان بیست و سێ ساڵ پاش فێربوونی نووسینی رستەیەکی دروست و پاشان خولقاندنی رۆمان لە ٢٥ ی ئۆکتۆبری ١٩٨٤ جەنازەکەی لە ماڵەکەیدا کە لە بولیناسی کالیفۆرنیا بوو لە حاڵەتێکدا دۆزرایەوە کە پێدە چوو خۆی کوشتووە و چەن حەوتەیەکیش بەسەر مەرگیدا تێپەڕیوە.

بەگشتی مێژووی ئەدەبی ئەمریکا بەرووداوی قۆناخ سازکەری " بەرەی بیت" لەگەڵ زۆر شێواز و رەوشتی نوێ تووشی وەرگۆڕان بوو. ئەو بزاڤە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٠ لە سەر دەستی گرووپێکی چکۆلە و چەند نووسەرێکی لاو کە دیدێکی نوێخوازانەیان بەرانبەر بەئەدەب بوو تۆمار کرا. ئەو گرووپە بۆ هەموو شتێ روانگەیەکی نوێیان هەبوو و لە شیعرەکانیاندا بەئاسانی بەرانبەر روانگە چەپەکانی کۆمەڵگە و ئەو کەسانە کە پتر بەناوی ئەربابەکانی دەسەڵات دەناسران رادەوەستان.

له ناو ئەو شاعیرانەدا شیعری براتیگان میراتی کۆمەڵێ ڕەوشتی نوێ و ئازاد و بێ ڕێسایە کە ئەمە لەگەڵ وردەکارییە کایە ئامێزەکانی و شۆخ تەبعی زۆر هێمای کەسایەتی جیاوازی ئەون.هەر ئەمەش تا رادەیەک وەرگێڕانی شیعرەکانی کە هاوکات لەگەڵ ساکاریدا ئاڵۆز و قووڵ و ناسکن دژوار دەکات.

**سێبەری حەوت ساڵەی بەدبەختی**

ڕوومەتێ کە وێک هاتووە
لە پاشخوانی ڕوومەتەکانی ترە
پێویستی بە ئاوێنەیەکە
لە کوتە وێک هاتووەکانی
ئاوێنە شکاوەکانی تر.

**کێوەکانی ئاڵپ**

وشەیێک
لە چاوەڕوانیدا
ئەبێتە ڕنۆیێک
لە وشەی زۆرتر
کاتێ کە تۆ
چاوەڕێی ژنێکی

**کاتی ئەوە هاتووە خۆت فێرکەی**

کاتی ئەوە هاتووە خۆت فێرکەی
دووبارە بە تەنیایی بخەوی و
چەنێکیش
سەختە ئەم کارە

**کڵاوی کافکا**

هاورێی بارانێ

که وەکو عەملیاتێکی نەشتەرگەری ناسک مەیلۆ بان ئەبارێ
قاپێک چلوورەم خوارد
که زۆر له کڵاوی کافکا ئەچوو
قاپێکی چلووره
به تامی تەختی نەشتەرگەری و
نەخۆشێکیش له سەریەوه
که ماقی میچەکەیه

**کوولەکەی ژوول ورن**

ئەم ڕۆژانه
ئینسانەکان له سەر مانگ هەنگاو ئەنێن و
شوێنه پێیەکانیان وەک کوولەکه
له سەر ئەو دنیا مردووه ئەچێنن
لەحاڵێکدا له سەر ئا ئەم زەوییه زیندووه
له ساڵێکا
پتر له سێ میلیۆن کەس ئەمرن

**هەی هاوڕێ**
**تۆ ئەوەننه جوانی که هەر باران ئەبارێ**

مارسیا!
حەز ئەکەم جوانی کاڵ و بەرزت
له وانەی دواناوەندییەکانا بڵێنەوه
تا مناڵەکان فێر بن
که کەسێک وەک مۆسیقا له ژێر پێستا ژیان ئەکا و
وەکو هارپسیکۆردێکی درەوشانه
ئەمەوێ کارنامەی دواناوەندییەکان

وەک ئەمە بێت:

یاری کردن لەگەڵ شتومەکە شووشەییە ناسکەکان

١٠٠

سێحری کۆمپیتەر

١٠٠

نامە نووسین بۆ کەسێ کە خۆشت ئەوێ

١٠٠

فێرکاری لەبارەی ماسییەکان

١٠٠

جوانیی بەرز و کاڵی مارسیا

+١٠٠

## تکایە ئەم کتێبە بچێنن

ریچارد براتیگان

ریچارد براتیگان کتێبی " تکایە ئەم کتێبە بچێنن"ی لە هاوینی١٩٦٨ بڵاو کردەوە. ئەم کتێبە بریتییە لە هەشت پۆکەتی تۆو کە لە پشتی هەرکام لەو پۆکەتانە شیعرێکی داناوە.ئەم کتێبە بەشێوەی بەلاش لە ناو خەڵکدا بڵاو بووەتەوە.

١

**فەرشی شاهانەی سونبول**

بڕیارم داوە لە دونیایەکدا بژیم

لەوێدا

کتێبەکان بوونەتە هەزاران باخ

بەو منداڵانەی وا لە ناو باخەکانا یاری ئەکەن و

ئاکاری شەرمنانەی رووەکە سەوزەکان

فێر ئەبن

٢

**گوڵە ناوچەییەکانی کالیفۆرنیا**

لەم بەهاری ١٩٦٨–ە دا
لەگەڵ دوایین یەک لە سێی سەدەی بیستەم
کە وەک خەونێ سەفەر ئەکات
بەرەو کۆتایی خۆی
کاتی ئەوەیە  کتێب بچێنی
بیانسپێری بە زەوی
ئەشێ  لەم لاپەڕانەدا
گوڵەکان و گژ و گیاکان
بڕوێن

٣

**جافری**

سپاسی وزە و خواکان و
نمایشی مێژوو ئەکەم
کە ئێمەیان لێرەدا بەم ساتەوەختە گەیاند
بەم کتێبە کە لە دەستەکانمانا
خەریکی بانگ کردنن  وەکو ئاینده
لە تەلارێکی سەوز و پڕ ئەستێرە

٤

**کوولەکە**

کاتێکی باشە
بۆ ئاوێتە کردنی رستەکان
رستەکان لەگەڵ قوڕاو و هەتاو

به خاڵبەندییەوە
بۆ کرمەکان تا لوول بخۆنەوە
لە نیشانە پرسیارییەکان و
ئەستێرەکان
تا بدرۆشێن بەسەر ناوە هاو کێشەکان و
شەونم
تا دروست ببێت
لە سەر کۆپلەکان

٥

**هەمیشە بەهار**

هاوڕێکانم نیگەرانن و
لەبارەیەوە لەگەڵمدا ئەدوێن
لە بارەی کۆتایی دنیا
لە تاریکی و کارەسات
من هەمیشە بەئارامی ئەبیسم و
پاشان ئەڵێم
نە بڕیار نییە تەواو بێت
ئەمە تەنیا سەرەتایەکە
هەروەها کە ئەم کتێبە
تەنیا دەسپێکێکە

٦

**گەزمر**

پێم وایە بەهاری ١٩٦٨
کاتێکی چاکە
بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ناو خوێنەکانمان و

ببینین دڵەکانمان
چ شتێک ئەگەڕێنن
وەک چۆن سەوزەجات و ئەم گوڵانە
وا هەموو رۆژێک
ئەگەڕێنەوە بۆ ناو دڵەکانیان و
خۆر ئەبینن
وەک ئاوێنەیەک
شەوقیان بۆ ژیان و جوانی
ئەنوێنێتەوە

٧

**کاهوو**

تەنها ئومێدێ کە هەمانە
مناڵەکانن و
ئەو تۆوانەی کە پێمان داون و
ئەو باخانەی کە پێکەوە ئەیچێنین

٨

**گوڵەبەرۆژەی شاستا**

دوعا ئەکەم سی و دوو ساڵی تر
ئەم گیا و گوڵانە
سەدەی بیست و یەک
ئاودێری کەن
بە دەنگینەوە کە دەڵێ:
سەردەمێک کتێب بوونە و
بە دەستگەلێکی ئاشق بوونەتە ژیان